**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ٤٠٨ لە ٢٠١٨/١/٨**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ئاماژە بە یاسای چەك لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٦)ی ساڵی ١٩٩٣ و ئاماژە بە نووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٤٢٣١لە ٢٠١٧/٦/١٥ )و (٧١٠٠لە ٢٠١٧/١٠/٢ و رێنمایان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٥ کە لە ژمارە (١٨٣)ی ٢٠١٥/٢/٢٤ ڕۆژنامەی ( وەقایعی کوردستان ) بڵاوکراوەتەوە بڕیارماندا بە هەمواری رێنمای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٥ بەم شێوەیەی خوارەوە:-**

## بەیانی ژمارە( ٣ )ی ساڵی ٢٠١٨

## هەمواری رێنمایی ژمارە( ٣ ) ی ساڵی ٢٠١٥ تایبەت بە رێکخستنی پێدانی مۆڵەتی هەڵگرتن و هەبوونی چەك

**ماددەی یەکەم : هەموارکردنی مادەی هەشتەم رێنمایی سەرەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**١- بڕی (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار وەردەگیرێت لە بەرامبەر پێدانی مۆڵەتی هەڵگرتن و هەبوونی چەك بۆ یەکەم جار.**

**٢- بڕی(٦٠,٠٠٠)شەست هەزاردینار وەردەگیرێت بەمەبەستی نوێ کردنەوەی مۆڵەتی هەڵگرتن وهەبوونی چەك**

**٣- لە رۆژی کۆتایی هاتنی ڕۆژی بەسەر چوونی مۆڵەتەکە پێویستە لە ماوەی (٩٠) ڕۆژ داواکاری نوێکردنەوە مۆڵەتەکە پێشکەش بکات و نوێ بکرێتەوە و ئەگەر لە ڕۆژی داواکردنی نوێ کردنەوەکە بۆماوەی یەك مانگ نوێی نەکردەوە ئەوا بڕی (٣٠٠٠) سێ هەزار دینار بۆ هەر ڕۆژێك دواکەوتن لە خاوەن مۆڵەتەکە وەربگرێت و دانانی ئەم بڕە پارەیە لە هەمان حسابی بانکی هاتوو لە رێنمایی سەرەوە.**

**ماددەی دووەم: ئەم هەموارە جێ بەجێ دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بە بێ پێش خۆیی (بدون اثر رجعي).**

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**